# کاریگەری بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان خوێندکارانی زانکۆ لەهەرێمی کوردستان، توێژینەوەیەکی مەیدانییە

**ئاراز رمضان احمد**

[١] بەشی کارگێڕی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بابەتێك تاوتوێدەکات کە لەکەمترین توێژەر لەهەرێمی کوردستان توێژینەوەیان لەسەر ئەنجامداوە. ئەو بابەتەش (ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە)یە، ئەگەرچی لە هەندێك توێژینەوەدا ئامادەیی هەبووە بەڵام بەڕێژەیەکی کەم . هاوکات بایەخی سەرەکیی توێژینەوەکەش دەگەڕێتەوە بۆ خودی تاوتوێکردنی یەکێك لەو بابەتە گرنگانەی پەیوەستە بە لێکەوتەی کۆمەڵایەتی بەهۆی کاریگەری ئینتەرنێتەوە کە ئەویش (تاوتوێکردنی کاریگەری ئینتەرنێتە لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان خوێندکارانی زانکۆ لەهەرێمی کوردستان)، کە لە لەئێستادا بەشێوەیەکی گشتی ئینتەرنێت کاریگەری زۆرو جیاواز هەمەچەشنی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دروستکردووە لەهەرێمی کوردستان لەبەرامبەریشدا توێژەرانی کورد کەمترین لێتوێژینەوەیان دەربارە کردووە . بەو پێیەی ڕاگەیاندن بە یەکێك لەبوارە گرنگەکانی ژیان و کۆمەڵگە هەژماردەکرێت، ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنیش (ئینتەرنێت)، یەکێکە لە جۆرو تەرزە مۆدێرن و کاریگەرەکانی ڕاگەیاندن، هەروەها لەگەڵ بەرەوپێشچونە خێراکانی زانست و تەکنۆلۆژیا و هاتنەئارای ئامرازی نوێچەشن، بایەخی میدیای ئەلیکترۆنی زیاتر بەرەوپێشچووە. هەربۆیە ئەم توێژینەوەیەش گرنگی و بایەخی خۆی هەیە بۆ هەرێمی کوردستان کە لەئێستادا هەژمووني ئینتەرنێت کاریگەری زۆری لەسەر زۆربەی لایەنە کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئابوری و ڕامیارییەکانی وڵاتەکە داناوەو لەناویشیاندا ئەو کاریگەرییە زۆرەی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی دروستی کردووە.

**ووشە ڕێنیشدەرەکان:** میدیای ئەلیکترۆنی، سۆشیال میدیا، ئینتەرنێت، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، کاریگەری.

**باسی یەکەم: میتۆدنامە**

هەروەك چوارچێوەی گشتیی توێژینەوەکەش، جگە لە پێشەکی، لەم باس و تەوەرانە پێکهاتوە:

یەکەم: ڕێبازنامە: ئەم توێژینەوەیە لەرووی جۆرەوە توێژینەوەیەکی وەسفییەو میتۆدی ناخشیکاری و ڕاپرسی بۆ بەشە مەیدانیەکە بەکارهاتووە، هاوکات لەم باسەدا توێژەر هەوڵیداوە لە چەند تەوەرێکدا روونکردنەوی پێویست لەو بارەیەوە بخاتەڕوو، تەوەرەکانیش بریتین لە:(بایەخی توێژینەوەکە، کێشەی توێژینەوەکە، ئامانجی توێژینەوەکە، جۆرو ڕێبازی توێژینەوەکە، بوارەکانی توێژینەوەکە، گریمانەی توێژینەوەکە، ئامڕازی ڕاگەیاندن، رواڵەتەڕاستی، جێگیری، ئامارشیکاریی بەکارهاتوو، چەمك و زاراوەکان).

دووەم: تیۆرینامە: لێرەدا بە شێوەیەکی تیۆری و بە گەڕانەوە بۆ چەند سەرچاوەیەکی زانستی، تیشکخراوەتە سەر چەند لایەنێکی پەیوەست بە بابەتی سەرەکیی توێژینەوەکە: (بەکارهێنانی ئینتەرنێت و کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان).

مجلة جامعة جيهان- اربيل للعلوم الانسانية والاجتماعية
المجلد 3، العدد 2 (2019) .
أُستلم البحث في 10 كانون الأول 2018؛ قُبل في 22 كانون الثاني 2019
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 10 كانون الأول 2019
البريد الإلكتروني للمؤلف : araz.ahmad85@uor.edu.krd
DOI: 10.24086/cuejhss.v3n2y2019.pp 8-19
حقوق الطبع والنشر © 2019 ئاراز رمضان احمد . هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - 0 4 CC BY-NC-ND

.

سێیەم: لایەنی پراکتیکی: ئەمەش دوا باسەو تایبەتە بە لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە، کە لە چەند تەوەرێك پێکهاتووە: (کورتەیەك دەربارەی سامپڵی توێژینەوەکە، دەستنیشانکردنی یەکە و دەستەکانی شیکارییەکە، ئەنجامی ناخشیکارییەکە).

چوارەم: دەرەنجام: لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا، (دەرئەنجامەکان) هاتوون، کە دیارترینیان بریتین لە:

1. ئینتەرنێت وەك ئامرازێکی نوێی پەیوەندیکردن بەرێژەیەکی زۆر لەلایەن خوێندکارانی زانکۆ لەهەرێمی کوردستان بەکاردەهێنرێت بۆ مەبەستی دروستکردن و بەردەوامیدان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.
2. مۆبایلی زیرەك، بەربڵاوترین ئامرازە بۆ چوونە ناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت لەناو خوێندکارانی زانکۆ لەهەرێمی کوردستان، ئەوەش بۆ ئاسانی بەکارهێنان و ئاست و توانستی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێ لەلایەن خوێندکارانی زانکۆو ئاسانی هەڵگرتنی مۆبایل بەهۆی بچووکی قەبارەکەیەوە دەگەڕێتەوە.
3. میدیای کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) بەربڵاوترین ناوەندی بەکارهێنانە لەناو خوێدکارانی زانکۆ لەهەرێمی کوردستان لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا بەتایبەتیش جۆرەکانی وەك (فەیسبووك و ڤایبەر) لە بەربڵاوترینن.

1. **بایەخی توێژینەوەکە:** ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەرۆژگاری ئێستای مرۆڤایەتیدا بابەتێکی گرنگ و حەتمییە بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان کە پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان سەرانسەری جیهانی گرتۆتەوەو ئەو شەپۆلە جیهانگیرییە بەهەمان شێوەی وڵاتانی پێشکەوتوو لەهەرێمی کوردستانیش کاریگەری زۆری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و جێگەوتە کۆمەڵایەتییەکان دروست کردووە بەتایبەتیش ئینتەرنێت و لەو نێوەندەشدا میدیای کۆمەڵایەتی لەسەر سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەئێستادا کاریگەری زۆری بەجێهێشتووە. هەروەك توێژینەوەکە هەم بۆ پسپۆڕانی بواری راگەیاندن گرنگی تایبەتی خۆی دەبێت و دەکرێت وەك سەرچاوەیەکی زانستی بەکاربهێنرێت، هەمیش لەبواری پراکتیکدا دامەزراوەو کەناڵەکانی راگەیاندن لەکوردستان دەتوانن لێی سوودمەندبن، جگەلەوەش ناوەندە کۆمەڵایەتیی و پەروەردەییەکان دەتوانن سوود لەم جۆرە توێژینەوانە وەربگرن بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری ئینتەرنێت لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی نەوەی نوێ و پاراستنی سروشتیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هاوشانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەرێی ئینتەرنێتەوە.
2. **کێشەو پرسیاری توێژینەوەکە:** گرنگترین پرسیار کە توێژینەوەکە بەشوێن وەڵامدانەوەی بووە بریتیی بووە لە "ئایا بەکارهێنانی ئینتەرنێت کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان خوێندکارانی زانکۆ لەهەرێمی کوردستان داناوە؟" هەروەك توێژینەوەکە بەشوێن وەڵامدانەوەی چەندین پرسیاری دیکەشەوە بووە لەوانە:

- میدیای کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) چ کاریگەریەکی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەبووە؟
- متمانەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت تا چەند باوەڕ پێکراوە لەلایەن بەکارهێنەرانەوە؟
- رادەی پشت بەستن بە ئینتەرنێت چەندە لای خوێندکارانی زانکۆ بۆ دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان؟
- ئایا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە لە ئینتەرنێت دروست دەبن جێگەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گرتۆتەوە کە لەژیانی هەقیقیدا هەیە؟

توێژەر ویستویەتی لەرێی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەوە بابەتیانە بگاتە دەرەنجام و وەڵامی پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەکە.

3. **ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجەکانی توێژینەوەکە خۆیان دەبیننەوە لە:

- زانینی ئاست و رێژەی کاریگەری ئینتەرنێت لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەرۆژگاری ئێستادا.
- دەرخستنی کاریگەریی میدیای کۆمەڵایەتی وەك بەشێك لە ئینتەرنێت لەسەر سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.
- دەرخستنی سروشتیی پەیوەندیی ئینتەرنێت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

4. **جۆرو رێبازی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە، لەتوێژینەوە (وەسفیەکان)ە، لایەنی پراکتیکیی توێژینەوەکە لەرێی راپرسییەکی ئەکادیمیی بەشێوەی ئۆنلاین ئەنجامدراوەو تێیدا (153)، خوێندکاری زانکۆی راپەڕین وەرگیراون، هەروەها لەرێی رێبازی ناخشیکارییەوە شرۆڤەی داتاو زانیارییەکانی راپرسییەکە کراوە، هەروەك پێداچوونەوەی ئەدەبی یان پێشینەیی بۆ توێژینەوەکە کراوە بەپشت بەستن بەتوێژینەوەکانی پێشووترو سەرچاوە ئەکادیمییەکان.
5. **بواری توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە سێ بواری جیاوازی وەرگرتووە:

- **بواری شوێن:** توێژەر زانکۆی راپەڕینی لەشاری رانیە لەهەرێمی کوردستانی عێراق وەك سامپڵی توێژینەوەکە هەڵبژاردووە.
- **بواری کات:** سەردەمی ئێستای جیهانگیری وەرگیراوە چونکە بەهۆی پێشکەوتن و داهێنانە تەکنۆلۆژییە مۆدێرنەکانەوە جیهانگیری بەشێکی زۆری وڵاتانی گرتۆتەوەو فراوانتربوونی تۆڕەکانی ئینتەرنێتیش کاریگەری زۆری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکان و کۆمەڵگەی کوردی لە هەرێمی کوردستان دروستکردووە.
- **بواری بابەتی:** توێژەر هەوڵیداوە لەرێگەی فۆڕمێکی راپرسیەوە چەندین پرسیارو بڕگە بەشێوەی ئۆنلاین بەسەر (153) خوێندکاردا دابەش بکات و بیکاتە سامپڵی توێژینەوەکەی و وەڵامی وردی دەربارەی پرسیارەکان دەستبکەوێت.

6. **کۆمەڵ و نموونەی توێژینەوەکە:** کۆمەڵی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە کۆی خوێندکارانی زانکۆکانی کوردستان لەلایەك، و لەلایەکیترەوە کۆی راگەیاندنی ئەلیکترۆنی (ئینتەرنێت) لەهەرێمی کوردستان.

هەروەها نموونەی توێژینەوەکەش، بریتییە لە خوێندکارانی زانکۆی راپەڕین، کە زانکۆیەکی حکومییە لەهەرێمی کوردستان لەلایەك و، ئامرازەکانی ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەهەرێمی کوردستان لەلایەکیترەوە. بۆیەشە مشتەی توێژینەوەکە، خوێندکارانی زانکۆ هەڵبژێردراون، چونکە گریمانەی ئەوە کراوە، خوێندکارانی زانکۆ ئاستی هۆشیارییان لەهەمبەر پرسی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان فراوانترە بە بەراورد بە توێژەکانی دیکەی کۆمەڵ، بۆیە گریمانەی ئەوە کراوە زۆرترین کاریگەریی ئینتەرنێتیان لەسەر بێت لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان. هەروەها لەم

توێژینەوەیەدا سامپڵێکی هەڕەمەکی ڕێکخراو (عینه عشوائیه منتقمه) لەکۆمەڵی توێژینەوەکە وەرگیراوە کە ژمارەیان (153) خوێندکار بووە.

7. **ئامرازەکانی توێژینەوەکە:** بەمەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکەو گەیشتن بەئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەر ئەم ئامرازانەی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و شیکارو شرۆڤەی زانستیانەی داتا وەرگیراوەکان.

**یەکەم/ سەرچاوەی ئەکادیمی و زانستی:** توێژینەوەکە پشتی بەستووە بەو کتێبە زانستیانەی دەربارەی بابەتی توێژینەوەکە نووسراون و بڵاوکراونەتەوە لەلایەن پسپۆڕانەوە، هەروەها پشتی بەستووە بەو توێژینەوە زانستیانەی پێشتر دەربارەی "بەکارهێنانی ئینتەرنێت و کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان" بڵاوکراونەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین گۆڤاری ئەکادیمی وەك سەرچاوە بەکارهێنراون.

**دووەم/ فۆڕمی ڕاپرسی:** بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاری پێویست لەڕێی ڕاپرسی بەشێوەی ئۆنلاین، چەندین پرسیاری پەیوەست بەتوێژینەوەکە ئاراستەی بەشداربوان کراون، کە لەسەرچاوە ئاساییەکاندا ئەو زانیارییانە بەردەست ناکەون، چونکە بابەتی لێتوێژینەوەکە تازەیە، هەروەها بەپێویستمانزانی لەدیدی ئەوانیشەوە لەم پرسە بڕوانین و داتاو زانیارییەکان لەچەند خشتەیەکدا روون بکەینەوە.

8. **ڕاستگۆیی و جێگیری**:

- أ- ڕاستگۆیی: بە مەبەستی دڵنیابون لە ڕێکوپێکی ناخشیکارییەکەو گونجانی لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکەدا، و دوای ئامادەکردنی بڕگەکانی ناخشیکارییەکە، بە پشتبەستن بە ڕواڵەتڕاستی (الصدق الضاهری)، لەلایەن ژمارەیەك (پسپۆڕ) (*) ەوە هەڵسەنگێنرا، پاشان سەرنجەکانیان تاوتوێکرا، و بەپێی پێویست و گونجان گۆڕانکارییان تێدا کرا، و لەڕێگەی بەکارهێنانی هاوکێشەی پێوەری ڕاستی توێژینەوە ڕادەی ڕاستیەکە دەرهێنرا کە بریتییە لە (95.45%) کەوا لەڕووی زانستییەوە ڕێژەیەکی پەسەند کراوە.
- ب- جێگیری: بەواتای بەدەستهێنانی ئاست و نمرەیەکی باڵا لە ڕێکەوتن و ووردی لە بواری شیکاری ناوەڕۆك لەڕێگەی پرۆسەی دەرهێنانی ماددەی ناوەڕۆك و وە دانانی لەژێر ( فئات ) کۆمەڵەکانی بابەتە سەرەکی و لاوەکیەکانی کەهەیە لەفۆرمی شیکاری ناوەڕۆك . گەیشتن بەجێگیری لەلایەن توێژەرەوە بەهۆی بەکارهێنانی ژمارەیەك هاوکێشەوە دەبێت کەپێوانەی جێگیری فۆرمی شیکاری ناوەڕۆکی پێدەکرێت وەلە ئاسانترین ئەو هاوکێشانەش هاوکێشەی ( هۆڵستی). کە دەکاتە 87%. بڕوانە پاشکۆی ژمارە (1).

**ئامارشیکاریی بەکارهاتوو:** توێژەر کردەیەکی ژمێرەیی سادەی بەکارهێناوە، کە خۆی لە دوبارەبونەوەو ڕێژەی سەدی دا دەبینێتەوە، کەوا خشتەکانی ئامار بە پێی یەکەو دەستەو دوبارەبونەوەو ڕێژەی سەدییان ڕێکخراون.

9. **چەمك و زاراوەکان:** لەم توێژینەوەیەدا چەند چەمك و زاراوەیەك بەکارهاتووە، بەپێویستی دەزانین شیکردنەوەو پێناسە بۆ گرنگترینیان بکەین:

**میدیای کۆمەڵایەتی ( سۆشیال میدیا):**

واتە بەشێوەیەکی گشتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەشێوەی پێگەی ئەلیکترۆنیدا لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت خزمەتگوزارییەکانی وەکو پەیوەندیکردن و ئاڵوگۆڕی داتاو زانیاری و وێنەو ڤیدیۆیان تێدا بەردەستە لەنێوان بەکارهێنەرانی ناو تۆڕەکاندا. هەروەکچۆن فەرهەنگی کامبریدج بەم شێوەیە پێناسەی سۆشیال میدیا دەکات کە " کۆمەڵێك پێگەی ئەلیکترۆنین، یان پرۆگرامی کۆمپیوتەرین، کە ڕێگە بەخەڵك دەدات بۆ پەیوەندیکردن و ئاڵوگۆڕی زانیاری لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لەڕێگەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر یان مۆبایلەوە". (Cambridge، 2018)

**پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:**

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لێکدانەوەی زۆری بۆ کراوە، هەروەك (ڕۆبێرت گوارت) وا پێناسەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات کە لە زانستی کۆمەڵایەتیدا پەیوەندی کۆمەڵایەتی یاخود کارلێکی کۆمەڵایەتی بریتییە لەپەیوەندی نێوان دوو کەس و یان زیاتر، هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن تاکەکان دادەڕێژرێن و ستراکتۆری کۆمەڵایەتیان پێدروست دەبێت. ئەوەش سەرجەم ئەو پەیوەندییانە دەگرێتەوە کە تاکەکان لەژیانی ڕۆژانەدا لە گەڕەك، شارو شوێنە گشتییەکان دروستیان دەکات و بەشێك لەکاتی ڕۆژانەیان پێدەبەخشێت و بەردەوامیان پێدەدات(Gault ,2016) .

**کاریگەریی:**

کاریگەری بابەتێکی دیاریکراوە لەسەر بابەتەکانی تر، یان کاریگەریی شتێکە بەتایبەت شتێکی نوێ لەسەر بارودۆخێك یان کەسێك. (oxford dictionaries،2018 )

## باسی دووەم: چوارچێوەی تیۆری

### 1.2. ئینتەرنێت و کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:

لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاو تۆڕەکانی ئینتەرنێت و دەرکەوتنی میدیا کۆمەڵایەتییەکان لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا، زۆرێك لەهاووڵاتیان و بەتایبەتیش گەنجان کەوتنە ژێرکاریگەری هەژموونی بەستەرەوە کۆمەڵایەتییە ئۆنلاینەکان بەتایبەتیش میدیا کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتیش فەیسبووك کە لەئێستادا زیاتر لە ملیارێك بەشداربووی هەیەو ئەوەش وایکردووە کە لە ئۆنلایندا بەدەستهێنانی زانیاری، دۆزینەوەی پەیوەندی نوێ و گەڕان ئاسان بێت و تەنانەت بەشداربووان لەڕێی ئەپڵیکەیشنی مۆبایلەکانیانەوە دەتوانن بەیەکەوە ببەسترێنەوە لەتۆڕێکی ئینتەرنێتدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دۆزینەوەی هاوڕێ لە ئینتەرنێتدا ئاسانە بەڵام دوورە لە هەست و سۆز ئەوەش لایەنێکی بێهێزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا، هەرچەندە ڕای پێچەوانە هەیەو پێیانوایە کە ئینتەرنێت ڕێگەیەکی خێراو ئاسانە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی تازەی کۆمەڵایەتی و دواتریش لەجیهانی ڕاستیدا دەتوانرێت پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکە بەرجەستە بکرێت.(Bonanno,2015) ،. هەروەکچۆن (Reeves and Nass,1996)ڕوونیدەکاتەوە کە ئامێرە کۆمپیوتەرییەکان و ئینتەرنێت کاریگەریی زۆری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لەسەردەمی ئێستادا

دروستکردووە، ئەوەش وایکردووە بۆ دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گەشەی ژیانی کۆمەڵایەتی زیاتر پشت بە ئینتەرنێت و ئامێرە کۆمپیوتەرییەکان ببەسترێت.

بەگەڕانەوە بۆ تێڕوانینەکەی ماکلۆهان و پاوەر پێیانوایە کاریگەرییەکانی تەکنۆلۆژیاو ئینتەرنێت جیهانی کردووە بە(گوندێکی جیهانی)، هەروەك پێیانوایە کە ئینتەرنێت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەگەشێنێتەوە لە ژینگەیەکی یەکسان و ڕێزلێگیراودا، و هەروەها هاوکاریش دەبێت بۆ ڕاکردن لە ڕۆتینی ژیانی رۆژانەمان. بەشێوەیەکی گشتی پسپۆڕان دوو ڕەهەندو بیرکردنەوەی جیاوازیان هەیە لەسەر ئەو کاریگەرەیەی ئینتەرنێت بۆ سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دروستیکردووە هەندێکیان پێیانوایە کە ئینتەرنێت یۆتۆپیایە بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها هەندێکی دیکە لەپسپۆڕان پێیانوایە ئینتەرنێت نا یۆتۆپیایە واتە ڕای پێچەوانەیان هەیە McLuhan) and Powers ,1989).

هەروەها (Boase and Wellman ,2004) لەتوێژینەوەکەیاندا پێیانوایە کە دوو جۆر پەیوەندی لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا هەن یەکێکیان پەیوەندییەکی بەهێزو ئەو تریش پەیوەندییەکی بێهێزو لاوازە، بۆ نموونە بەکارهێنانی ئیمەڵ بۆ پەیوەندیکردن و ناردنی پەیام و نامە ڕووبەڕوو نییەو پێویستی بە بەستنەوەی هەردوو لا واتە (وەرگرو نێرەر) نییە لەپرۆسەی گواستنەوەی پەیامەکەدا بەڵکو دەتوانرێت وەرگر نا ئەکتیف بێت و پەیامەکە ڕەوانەبکرێت، ئەوەش بەپەیوەندی بەهێز دادەنرێت لەبەکارهێنانی ئینتەرنێت لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، هەروەك ڕای پێچەوانەش ئەوەیە کە ناردنی ئیمەیڵ لەهەندێ بارودۆخدا پەیوەندییەکی لاوازە بۆ نموونە کاتێك ئیمەیڵ دەنێردرێت بەدەردەبێت لەهەست و سۆز بۆیە بۆ پەیوەندییە نوێیەکان دەبێت بە فاکتەرێکی لاواز.

### 2.2. سۆشیال میدیاو کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:

لەو سۆنگەیەوەو بەشێوەیەکی گشتی ئینتەرنێت و بەتایبەتیش میدیای کۆمەڵایەتی لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا کاریگەری زۆری کردۆتە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، تەنانەت بەشێکی زۆر لەبەکارهێنەران پەیوەندی نوێ لەرێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە دەدۆزنەوەو ئەوەش سەردەکێشێت بۆ پەیوەندی ڕاستەوخۆو ئۆفلاین لەزۆر حاڵەتدا.(Boase and Wellman, 2004)

بەهۆی پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان و پێشکەوتنی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری زۆر لەسەر کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان دروست بووە، تەنانەت ماناو پێناسەی نوێی داوە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و تەنانەت پەیوەندییە خێزانییەکانیش بۆ نموونە کاتەکانی ناو خێزان گۆڕانکاری زۆریان بەسەرداهاتووە، ئەوەش بەهۆی بەستنەوەی تاکەکان لەناو خێزان و شوێنی جیاوازەوە لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت، بۆیە بەکارهێنانی کۆمپیوتەرو تابلێتەکان لەناو خێزان کاتەکانی کارکردن و ناوخێزانی تێکەڵ کردووە، تەنانەت ئینتەرنێت دەرفەتی بۆ هەندێ کەس ڕەخساندووە لەماڵەکانیان کاربکەن و مووچە وەربگرن، ئەوەش بەلایەنی نێگەتیڤەوە پەیوەندییە زیندووەکان کەمدەکاتەوەو مرۆڤەکان لەیەك دووردەخاتەوە.(Gustavo ,2006)

هەروەکو (Cummings, Butler and Kraut, 2002) ڕوونیدەکەنەوە کە کوالێتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەرۆژگاری ئێستادا گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردا هاتووەو ئەوەش کاریگەریی زۆری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان دروستکردووە، بەتایبەتیش ئەو جۆرە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە (ئۆنلاین)ەی کە لەئێستادا لەرێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا خەڵك پشتی پێدەبەستن. هەروەکو چۆن (Bargh and McKenna, 2004)جەخت لەسەر کاریگەریی زۆری ئینتەرنێت دەکاتەوە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی، ئەوەشی خستۆتەڕوو کە ئینتەرنێت بەهۆی کاریگەریی زۆرەکەی ڕۆڵی زۆری بینیوە فۆڕمەلەکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا. هەر دەربارەی ئینتەرنێت و کاریگەرییەکەی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و لەو سۆنگەیەوە (Tyler, 2002) پێیوایە کە ئینتەرنێت کاریگەریی ڕێژەیی هەبووە لەسەر ژیانی مرۆڤایەتیی و ڕۆڵی هەبووە لەهەندێك لەگۆڕانکارییەکان, لەگەڵ ئەوەشدا لەزۆر لایەنی ترەوە کاریگەریی کەمی هەبووە، بەڵام پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان یەکێك لەو ڕەهەندە گرنگانەی ژیانی مرۆڤە کە لەسەردەمی جیهانگیریی ئێستادا لەرێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە گۆڕانکاریی زۆر لەو پەیوەندیانەدا دروست بووە. هەروەکچۆن(Shklovski and Kraut, 2006) یش ئاماژەی بەکاریگەرییەکانی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەرو مۆبایل و لێکەوتەکانیان داوە لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانداو پێیوایە کە سەردەمی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ڕووبەڕوو بەرێژەی زۆر کۆتایی پێهاتووەو مرۆڤەکانی زۆرینەی پەیوەندییەکانیان لەرێگەی ئۆنلاینەوە دروست دەکەن و ڕێکخستنی پەیوەندیی و بۆنە کۆمەڵایەتییە ڕووبەڕووەکانیش هەر لەرێگەی ئۆنلاینەوە ڕێکخستنیان بۆ دەکرێت ئەوەش کاریگەریی ئەرێنیی و نەرێنیی هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤ و داهاتوی پەیوەندییەکانی.

هەروەك بەپشت بەستن بەو سەرچاوە زانستیانەی ئاماژەیان پێدراوە دەتوانرێت بوترێت کە بەشێوەیەکی گشتی ئینتەرنێت و بەتایبەتیش میدیای کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەیسبووك، تویتەرو ..هتد کاریگەری زۆریان لەسەر کۆمەڵگە دروستکردووەو لەهەمان کاتیشدا کاریگەری زۆریان لەسەر گۆڕانکاری بەلایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دروستکردووە.

## باسی سێیەم: چوارچێوەی پراکتیکی

### پوختەیەك دەربارەی سامپڵی توێژینەوەکە:

سەرەتا توێژەر ڕوپێوییەکی گشتگیری ئەنجامدا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە کە بریتییە لە (ئایا ئینتەرنێت کاریگەری دروستکردووە لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان). هەروەها ڕووپێویەکە بەشێوەی ئۆنلاین لە ڕێگەی گۆوگڵ فۆڕم ئەنجامدراوە بەمەبەستی بەدەستهێنانی سامپڵێکی تەواو و ڕێکخراو، و بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، سەرەڕای سودوەرگرتن لە چەند سەرچاوەیەك سەبارەت کاریگەری ئینتەرنێت لەسەر کۆمەڵگەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەڕین بە سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراون، کە ژمارەیان (153) خوێندکارەو ڕەگەزی جیاواز، و لەرێگەی ئیمەیڵ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان فۆڕمی ڕووپێوی یان ڕاپرسیەکەیان بەدەستگەیشتووەو پڕیان کردۆتەوەو بەشێوەی سیستەمی ئۆنلاین دەرئەنجام ڕاستەوخۆ گەڕاوەتەوە ناو سیستەمی ڕاپرسیەکە.

هۆکاری هەڵبژاردنی خوێندکارانی زانکۆ بە سامپڵی توێژینەوەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئاستی خوێندەواریان بەرزەو توانستی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژی تازەیان هەیە وەك مۆبایلی زیرەك، تابلێت و لاپتۆپ ...هتد، هەروەها تەمەنی خوێندکارانی زانکۆ کە تەمەنێکی گەنجێتییە باشترین تەمەن دانراوە کە هەژموونی تەکنۆلۆژیاو ئینتەرنێتی زۆر لەسەرە.

لەناخشیکارییەکە توێژەر روونیدەکاتەوە کە تاچەند خوێندکارانی زانکۆ یاخود توێژی گەنج لەکوردستان پشتی بەستووە بە تۆڕەکانی ئینتەرنێت و ئەو گۆڕانکارییانە چین کە لەژیان و کارلێك و پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەو توێژەدا ئینتەرنێت دروستیکردووە.

**1. رەگەزی بەشداربووان:**

ئەنجامەکان روونیدەکەنەوە کە زۆربەی بەشداربووانی راپرسییەکە لەرەگەزی نێرن کە ژمارەیان (84) بەشداربوون کە رێژەی 54.91% پێکدەهێنن، هەروەها رێژەی بەشداربووانی رەگەزێ مێ کەمترەو (69) بەشداربوون و رێژەی 45.09% پێکدەهێنێت لەکۆی (153) بەشداربووی راپرسییەکە.

بەپێی ئەو دەرئەنجامە دەردەکەوێت کە لەناو خوێندکارانی زانکۆدا لەکوردستان هەردوو رەگەزی نێرو مێ ئینتەرنێت بەکاردەهێنن، بۆ دروستکردنی پەیوەندی نوێی کۆمەڵایەتی، هەروەها رێژەی رەگەزی نێر هەرچەندە زۆرترە بەڵام تارِادەیەکی زۆر باڵانسی جێندەری تێدادەردەکەوێت و رێژەکان لەیەکەوە نزیکن. بڕوانە خشتەی (1).

| خشتەی (1) رەگەزی بەشداربووان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | رەگەز | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
| 1 | نێر | 84 | 54.91 | یەکەم |
| 2 | مێ | 69 | 45.09 | دووەم |
| | **کۆی گشتی** | 153 | 100 | |

**2. تەمەنی بەشداربووان:**

لەدەرئەنجامەکانەوە دەردەکەوێت کە بەشداربووان بەسەر (4) گروپی تەمەنی جیاوازدا دابەشکراون، کە زۆرترین رێژەی بەشداربووان تەمەنیان لەنێوان (18-24)ساڵیدایەو ژمارەیان (95) بەشداربووە، لەبەرامبەریشدا کەمترین رێژەی بەشداربووان کە ژمارەیان (5) کەسە تەمەنیان لە خوار (18) ساڵیەوەیە. هەروەها روونیشکراوەتەوە کە (6)

ەشداربوو تەمەنیان لەنێوان (35 – 44) ساڵیدایە کە بەتەمەنترین گروپی بەشداربووانن چونکە بەشێوەیەکی گشتی خوێندکارانی زانکۆ لەتەمەنێکی گەنجیدان، لەگەڵ ئەوەشدا (47) بەشداربووی دیکە هەیە کە تەمەنیان لەنێوان (25 – 34) ساڵیدایە.

لێرەوە دەردەکەوێت کە گەنجان زۆرتر ئینتەرنێت بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بەکاردەهێنن و زۆرترین رێژەش کە دەکاتە (62.09%) تەمەنیان لەگروپێکی گەنجدایە کە لەنێوان (18-24) ساڵیدان، ئەوەش دەریدەخات کە گەنجانی کوردستان بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر پشت بە تۆڕەکانی ئینتەرنێت دەبەستن. بڕوانە خشتەی (2).

**3. بەکارهێنانی جۆرەکانی سۆشیال میدیا**

ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن، کە جۆرو فۆرم جیاوازی لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت لەناو گەنجان و خوێندکارانی زانکۆ بەکاردەبرێن بۆ بەردەوامی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان، بەتایبەتیش فۆرمەکانی سۆشیال میدیا لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا. بەپێی ئەنجامەکان فەیسبووک بەربڵاوترین جۆرەو لە (31.97%)ی بەشداربووان

| خشتەی (2) تەمەنی بەشداربووان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | تەمەن | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
| 1 | کەمتر لە 18 ساڵ | 5 | 3.26 | چوارەم |
| 2 | 18 – 24ساڵ | 95 | 62.09 | یەکەم |
| 3 | 25 – 34ساڵ | 47 | 30.73 | دووەم |
| 4 | 35 – 44ساڵ | 6 | 3.92 | سێیەم |
| | **کۆی گشتی** | 153 | 100 | |

بەکاریدەهێنن و لەپلەبەندی یەکەمدایە، هەروەها ڤایبەر لەپلەبەندی دووەمدایەو لە(25.17%)ی بەشداربووان بەکاریدەهێنن، لەگەڵ ئەوەشدا لینکیدئین کە کەناڵێکی پرۆفێشناڵی شۆیال میدیایە لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا کەمترین بەشداربووی هەیە کە رێژەکەیان لە (2.04%)ەو لە پلەی کۆتاییدایە. هەروەها جۆرەکانی دیکەش بەرێژەی جیاواز بەکاردەبرێن: تویتەر بەرِێژەی لە(5.90%) و یوتیوب بەرِێژەی لە(15.88%) و سکایپ بەرِێژەی لە(7.94%) و سلاید شەیر بەرِێژەی لە(3.62%) و جۆرەکانی تریش بەرِێژەی لە(7.48%) بەکاردەبرێن.

ئەوەش روونیدەکاتەوە کە بەربڵاوترین جۆری سۆشیال میدیا لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت کە خوێندکارانی زانکۆ لەکوردستان پشتی پێدەبەستن بۆ برەودان و بەردەوامی پەیوەندییەکانیان هەریەك لە فەیسبووك و ڤایبەر-ن. بڕوانە خشتەی (3).

| خشتەی (3) بەکارهێنانی جۆرەکانی سۆشیال میدیا | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | جۆری سۆشیال میدیا | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
| | فەیسبووك(Facebook) | 141 | 31.97 | یەکەم |
| 2 | تویتەر( Twitter) | 26 | 5.90 | شەشەم |
| 3 | یوتیوب(YouTube) | 70 | 15.88 | سێیەم |
| 4 | لینکید ئین(LinkedIn) | 9 | 2.04 | هەشتەم |
| 5 | ڤایبەر(Viber) | 111 | 25.17 | دووەم |
| 6 | سکایپ(Skype) | 35 | 7.94 | چوارەم |
| 7 | سلاید شەیر (Slide share) | 16 | 3.62 | حەوتەم |
| 8 | هیتریش (Other Tools of Social Media) | 33 | 7.48 | پێنجەم |
| | کۆی گشتی | 441 | 100 | |

**4. کاتی تەرخانکراو بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت**

لەئەنجامەکانەوە روونبدەبێتەوە کە لەرووی تەرخانکردنی کات بۆ بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت زۆرترین رێژەی بەشداربووان کە ژمارەیان 61 بەشداربووەو لە (39.86%) پێکدێنن و لەپلەبەندی یەکەمدان رۆژانە ماوەی (1-3) کاتژمێر ئینتەرنێت بەکاردەهێنن، هەروەها کەمترین رێژەش کە لە(3.93)ی بەشداربووانن (6 -12) کاتژمێر ئینتەرنێت بەکاردەهێنن لەرۆژێکدا، هەروەها رێژەی (4.57%) بەشداربووان زیاتر لە (12) کاتژمێر ئینتەرنێت بەکاردەهێنن. هەروەك روونکراوەتەوەکە لە (16.99%) ی بەشداربووان لەرۆژێکدا ماوەی (6-9) کاتژمێر ئینتەرنێت بەکاردەهێنن و لەهەمان کاتیشدا پلەی دووەمی بەشداربووان رێژەی لە (29.41%) پێکدەهێنن و لەرۆژێکدا ماوەی (3 – 6) کاتژمێر ئینتەرنێت بەکاردەهێنن. ئەوەش

ئەوە دەردەخات کە خوێندکارانی زانکۆ ڕۆژانە بەشێکی تایبەت لەکاتەکانی ژیانیان لەسەر ئۆنلاین واتە لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەسەردەبن. بڕوانە خشتەی (4).

| خشتەی (4) کاتی تەرخانکراو بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | کات | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
| 1 | کەمتر لە (1) کاتژمێر | 8 | 5.22 | چوارەم |
| 2 | (1 – 3) کاتژمێر | 61 | 39.86 | یەکەم |
| 3 | (3 – 6) کاتژمێر | 45 | 29.41 | دووەم |
| 4 | (6 – 9) کاتژمێر | 26 | 16.99 | سێیەم |
| 5 | (9 – 12) کاتژمێر | 6 | 3.93 | شەشەم |
| 6 | زیاتر لە (12) کاتژمێر | 7 | 4.57 | پێنجەم |
| | **کۆی گشتی** | 153 | 100 | |

### 5. ئامێری بەکارهێنراو بۆ چوونە ناو ئینتەرنێت

ئەنجامەکان پیشانی دەدەن کە ئامێرو تەکنۆلۆژیای جیاواز بەکاردەبرێن بۆ چوونە ناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت و بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت، هەروەك لەئەنجامی ڕاپرسیەکەدا خراوەتەڕوو کە زۆرترین ڕێژەی بەشداربووان لەڕێی مۆبایلەوە بووە کە ژمارەیان (126) بەشداربووەو لەپلەی یەکەمدایە بەڕێژەی (59.71%)، هەروەها پلەی دووەمیش ئەو بەشداربوانەن کە کۆمپیوتەر بەکاردەهێنن و ڕێژەی لە (32.23%) پێکدەهێنن و دواتریش ئەوانەی کە تابلێت و ئایپاد بەکاردەهێنن لەپلەی چوارەمدان و تەنیا ڕێژەی (3.32%) پێکدەهێنن. هەروەها (10) بەشداربووش کە ڕێژەی (4.74%) پێکدەهێنن هەموو ئامێرە ئاماژە بۆ کراوەکان بەکاردەهێنن بۆ چوونە ناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت.

لێرەوە ڕووندەبێتەوە کە زۆربەی خوێندکارانی زانکۆ لەکوردستان مۆبایلی زیرەك بەکاردەهێنن بۆ چوونە ناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت و بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت، هەربۆیە زۆرترین ڕێژەیان تۆمارکردووە لەڕاپرسییەکەدا ئەوەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە لەوانە مۆبایلە زیرەکەکان بەکارهێنانیان ئاسانە، هەروەها لەهەمان کاتدا دەتوانرێت کاری وێنەگرتن و تۆمارکردن و نووسینی پێ ئەنجامبدرێت واتە وەك کۆمپیوتەرێکی بچووك وەهایە بۆیە زۆرتر بەکاردەبرێت و هەڵگرتنیشی ئاسانە بەهۆی قەبارە بچووکەکەیەوە. بڕوانە خشتەی (5).

| خشتەی (5) ئامێری بەکارهێنراو بۆ چوونە ناو ئینتەرنێت | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | ئامێری بەکارهێنانی ئینتەرنێت | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
| 1 | لاپتۆپ (کۆمپیوتەر) | 68 | 32.23 | دووەم |
| 2 | مۆبایل | 126 | 59.71 | یەکەم |
| 3 | تابلێت و ئایپاد | 7 | 3.32 | چوارەم |
| 4 | هەموویان | 10 | 4.74 | سێیەم |
| | **کۆی گشتی** | 211 | 100 | |

### 6. مەبەستەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت

ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن مەبەستی جیاواز هەن بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەلایەن خوێندکارانی زانکۆ لەکوردستانی باشور، لەدەرئەنجامی ڕاپرسییەکەدا ڕوونبۆتەوە کە زۆرترین ڕێژەی بەشداربووان کە لە (26.11%)یە بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری بەشێوەیەکی گشتی ئینتەرنێت بەکاردەهێنن، هەروەها پلەبەندی دووەمی بەشداربووان کە ڕێژەیان لە(17.81%)ە ئینتەرنێت بەگشتی بۆ چات کردن بەکاردەهێنن، بەو واتایەی بۆ بڕەودان و بەردەوامی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان. هەروەها ڕێژەی لە(14.24%) بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری لەگەڵ هاوڕێکانیان بەکاریدەهێنن، و لە (12.18%)یش بۆ کات بەسەربردن و لە (5.04%)یش بۆ دۆزینەوەی هاوڕێی نوێ و لە(10.39%)یش بۆ چاتکردنی گروپ لەگەڵ هاوڕێ خوێندکارەکینان بەکاریدەهێنن و لە (5.63)یش بۆ پەیوەندیکردن بە مامۆستاکانیانەوە، هەروەك ڕێژەی لە(8.60%)ی بەشداربووانیش بۆ هەموو مەبەستە ئاماژە بۆ کراوەکان ئینتەرنێت بەکاردەهێنن، بەگوێرەی ڕێژە بەدەستهاتووەکان زۆرینەی خوێندکارانی زانکۆ بۆ مەبەستی چاتکردن بەشێوەیەکی سەرەکی و هەروەها ئاڵوگۆڕی زانیاری تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەکاردەهێنن ئەوەش دوو مەبەستی سەرەکی و دیارن. بڕوانە خشتەی (6).

| خشتەی (6) مەبەستەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | مەبەستی بەکارهێنانی ئینتەرنێت | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
| 1 | چات کردن بەگشتی | 60 | 17.81 | دووەم |
| 2 | چات کردن بەگروپ لەگەڵ هاوڕێ خوێندکارەکانم | 35 | 10.39 | پێنجەم |
| 3 | دۆزینەوەی هاوڕێی نوێ | 17 | 5.04 | هەشتەم |
| 4 | وەرگرتنی زانیاری | 88 | 26.11 | یەکەم |
| 5 | پەیوەندیکردن بەمامۆستاکان | 19 | 5.63 | حەوتەم |
| 6 | ئاڵوگۆڕی زانیاری لەگەڵ هاوڕێکانم | 48 | 14.24 | سێیەم |
| 7 | کات بەسەربردن | 41 | 12.18 | چوارەم |
| 8 | هەموویان | 29 | 8.60 | شەشەم |
| | **کۆی گشتی** | 337 | 100 | |

### 7. شێوازەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت:

ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن کە خوێندکارانی زانکۆ بەشێوازی جیاواز ئینتەرنێت بەکاردەهێنن و بەتایبەتی سۆشیال میدیا، ئەوانەی کە بەشێوەی دروستکردنی ئەکاونتی کەسی تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەکاردەهێنن پلەبەندی یەکەمیان هەیە کە لە (72.04%)ی بەشداربووان پێکدەهێنن، هەروەها ئەوانەی پەیج دروست دەکەن و لەو ڕێگەیەوە ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن لەپلەبەندی دووەمدان و ڕێژەی لە (15.59%) پێکدەهێنن، هەروەك ئەوانەی کە بەشێوازی گروپ و لەڕێگەی دروستکردنی گروپەوە ئینتەرنێت بەکاردەهێنن ڕێژیان لە(12.37%)ی بەشداربووانەو لە پلەبەندی سێیەمدان.

لێرەوە دەردەکەوێت کە زۆربەی خوێندکارانی زانکۆ لەهەرێمی کوردستان زیاتر پەنا دەبەنە بەر ئەکاونتی کەسی بۆ چوونە ناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت و بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بەتایبەتیش فەیسبووك کە بەربڵاوترین تۆڕی سۆشیال میدیایە لەجیهان و تەنانەت لەعێراقیشدا بەپێی ئەو ئامارانەی کە پێشترخرانەڕوو، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ پانتایی زیاتری ئازادی کەسی لەدورستکردن و بەردەوامیدان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەڕێگەی ئەکاونتە کەسییەکانی ناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە. بڕوانە خشتەی (7).

10.24086/cuejhss.v3n2y2019.pp.8-19

| خشتەی (7) شێوازەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | شێوازی بەکارهێنانی ئینتەرنێت(سۆشیال میدیا) | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
| 1 | دروستکردنی ئەکاونتی کەسی | 134 | 72.04 | یەکەم |
| 2 | دروستکردنی پەیج | 29 | 15.59 | دووەم |
| 3 | دروستکردنی گروپ | 23 | 12.37 | سێیەم |
| | کۆی گشتی | 186 | 100 | |

**8. جۆری ئەو بابەتانەی بەکاربەرانی ئینتەرنێت پۆستیان (بڵاویان) دەکەن:**

ئەنجامەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە خوێندکارانی بەکاربەری ئینتەرنێت لەزانکۆکاندا بابەتی جۆراوجۆرو هەمەجەشن بڵاودەکەنەوە لەپێگەکانی ئینتەرنێتدا، بەپێی دەرئەنجامی راپرسییەکە ئەوانەی بابەتی رۆشنبیری گشتی بڵاودەکەنەوە ڕێژەیان لە(35.97%)ەو پلەبەندی یەکەمیان وەرگرتووە، هەروەها ئەوانەی ڤیدیۆو وێنە بڵاودەکەنەوە پلەبەندی دووەمیان وەرگرتووە بەڕێژەی لە(29.65%) و ئەوانەشی بابەتی زانیاری کەسی بڵاودەکەنەوە پلەی سێیەمیان گرتووە کە ڕێژەیان لە (22.13%)یەو ئەوانەشی کە موحازەرەو سلایدی مامۆستاکان بڵاودەکەنەوە ڕێژەیان لە(7.12%)یە لەپلەبەندی چوارەمدان، هەروەها کەمترین ڕێژەش ئەوانەن کە خشتەی تاقیکردنەوەکان بڵاودەکەنەوە لەپلەبەندی پێنجەمدان بە ڕێژەی لە (5.13%). ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن کە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لەناو زانکۆکاندا واتە خوێندکارانی زانکۆ زیاتر گرنگی بە دوو بابەتی سەرەکی دەدەن لەبڵاوکردنەوە لەئەکاونت و پێگە کەسیەکانیان ئەوانیش بابەتی رۆشنبیری گشتی و بابەتی کەسیە کە زۆرترین پانتایی داگیرکردووە. بڕوانە نەخشتەی (8).

| خشتەی (8) جۆری ئەو بابەتانەی بەکاربەرانی ئینتەرنێت پۆستیان (بڵاویان) دەکەن: | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | جۆری بابەتی پۆستکراو | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
| 1 | زانیاری کەسی | 56 | 22.13 | سێیەم |
| 2 | بابەتی رۆشنبیری گشتی | 91 | 35.97 | یەکەم |
| 3 | خشتەی تاقیکردنەوەکان | 13 | 5.13 | پێنجەم |
| 4 | موحازەرەو سلایدی مامۆستاکان | 18 | 7.12 | چوارەم |
| 5 | بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ و وێنە | 75 | 29.65 | دووەم |
| | کۆی گشتی | 253 | 100 | |

**9. ئایا سۆشیال میدیا بووە بەڕێگەیەکی نوێ بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان؟**

ئەنجامەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا سۆشیال میدیا بووە بە ڕێگەیەکی نوێ بۆ بەردەوامیدان و دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەك لەراپرسیەکەشدا وەڵامی بەڵێ پلەی یەکەمی وەرگرتووە لەناو خوێندکارانی زانکۆدا بەڕێژەی لە(69.94%)، لەبەرامبەریشدا وەڵامی نەخێر لە پلەی دووەمدایە بەڕێژەی لە (30.06). ئەوەش بەواتای ئەوەیە کە سۆشیال میدیا لەرۆژگاری ئێستاداو لەهەرێمی کوردستانیش ڕێگەیەکی نوێیە بۆ بەردەوامیدان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. بڕوانە خشتەی (9).

| خشتەی (9) ئایا سۆشیال میدیا بووە بەڕێگەیەکی نوێ بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان؟ | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | سۆشیال میدیا بووە بە ڕێگەیەکی نوێ بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
| 1 | بەڵێ | 107 | 69.94 | یەکەم |
| 2 | نەخێر | 46 | 30.06 | دووەم |
| | کۆی گشتی | 153 | 100 | |

**10. کاریگەری سۆشیال میدیا لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان**

ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن کە ئینتەرنێت بەگشتی و لەناویشیدا سۆشیال میدیا بەتایبەتی لەسەردەمی ئێستادا کاریگەری زۆری دروستکردووە لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لەراپرسییەکەدا وەڵامی بەڵێ بۆ بوونی کاریگەری سۆشیال میدیا لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە پلەبەندی یەکەمدایە بەڕێژەی لە (50.98%) و وەڵامی نەخێریش لەپلەی سێیەمدایە بەڕێژەی لە (9.15%)، هەروەها وەڵامی تارادەیەك کاریگەری هەبووە لە پلەی دووەمدایە بەڕێژەی لە(39.87%). ئەوەش دەیسەلمێنێت کە زۆربەی بەشداربووان لەگەڵ ئەوەدان کەسۆشیال میدیا کاریگەری زۆری هەیە لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. بڕوانە نەخشتەی (10).

| خشتەی (10) کاریگەری سۆشیال میدیا لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | کاریگەری سۆشیال میدیا لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
| 1 | بەڵێ | 78 | 50.98 | یەکەم |
| 2 | نەخێر | 14 | 9.15 | سێیەم |
| 3 | تارادەیەك | 61 | 39.87 | دووەم |
| | کۆی گشتی | 153 | 100 | |

**11. سنوردارکردن و قەدەغەکردنی سۆشیال میدیا**

ئەنجامەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە ئایا پێویستە لەکاتی ئێستادا ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا لەکوردستان سنوردار یان قەدەغە بکرێت، زۆربەی بەشداربووان پێیان باشە سنوردارو قەدەغە نەکرێت،و وەڵامی نەخێر بۆ پرسیارەکە لە پلەبەندی یەکەمدایە بەڕێژەی لە (47.06%) و وەڵامی بەڵێ-ش لە پلەبەندی دووەمدایە بەڕێژەی لە(28.75%) و ئەوانەشی بە تارادەیەك وەڵامیانداوەتەوە لە پلەبەندی سێیەمدان بەڕێژەی لە (24.19%). ئەوەش روونیدەکاتەوە کە زۆربەی خوێندکارانی زانکۆ لەگەڵ سنوردارکردن و قەدەغەکردنی ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا نین. بڕوانە نەخشتەی(11).

| خشتەی (11) سنوردارکردن و قەدەغەکردنی سۆشیال میدیا | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | قەدەغەکردنی سۆشیال میدیا | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
| 1 | بەڵێ | 44 | 28.75 | دووەم |
| 2 | نەخێر | 72 | 47.06 | یەکەم |
| 3 | تارادەیەك | 37 | 24.19 | سێیەم |
| | کۆی گشتی | 153 | 100 | |

**12. تەرخانکردنی ڕێژەی کات بۆ پۆست کردن و بڵاوکردنەوە**

لەئەنجامەکانەوە دەردەکەوێت کە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت کاتی پێویست تەرخان دەکەن بۆ پۆستکردنی بابەتەکانیان لەناو تۆڕەکانی سۆشیال میدیادا، ئەوانەی هەموو کاتەکانیان تەرخان دەکەن لەپلەبەندی پێنجەمن و ڕێژەیان کەمترین کە لە (4.57%)ن، هەروەها زۆرترین ڕێژەش بەرئەوانە کەوتووە کە هەندێ لەکاتەکانیان تەرخان دەکەن بۆ پۆستکردن و بڵاوکردنەوە کە ڕێژەی لە (56.87%) پێکدەهێنن و لەپلەی یەکەمدان، هەروەك ئەوانەی زۆربەی کاتەکان تەرخان دەکەن لە پلەبەندی سێیەمدان، و ئەوانەشی کە نیوەی کاتەکانیان تەرخان دەکەن لەپلەی چوارەمدان و ئەوانەشی هیچ کاتێك تەرخان ناکەن لەپلەی دووەمدان. ئەوەش دەریدەخات بەپێی کەسەکان کاتی تەرخانکراو بۆ پۆستکردنی بابەتەکانیان لەناو سۆشیال میدیادا جیاوازە. بڕوانە نەخشتەی (12).

| خشتەی (12) تەرخانکردنی کات سەیرکردنی پۆست کردن و بڵاوکردنەوە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | کات بۆ پۆستکردن لە سۆشیال میدیادا | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
| 1 | هەموو کاتەکان | 7 | 4.57 | پێنجەم |
| 2 | زۆربەی کاتەکان | 17 | 11.11 | سێیەم |
| 3 | نیوەی کاتەکان | 15 | 9.80 | چوارەم |
| 4 | هەندێ لەکاتەکان | 87 | 56.87 | یەکەم |
| 5 | هیچ کات | 27 | 17.65 | دووەم |
| | کۆی گشتی | 153 | 100 | |

**13. تەرخانکردنی کات بۆ سەیرکردنی پۆستی کەسانی تر**

ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن کە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لەکوردستان کاتی جیاواز تەرخاندەکەن بۆ سەیرکردنی پۆستی کەسان و بەکارهێنەرانی دیکە لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا، بەپێی ئەنجامی راپرسیەکە زۆرترین ڕێژەی بەشداربووان وەڵامیانداوەتەوە بەوەی کە هەندێ لەکاتەکان بۆ سەیرکردنی پۆستی کەسانی تر تەرخان دەکەن کە پلەی یەکەمی وەرگرتووەو ڕێژەکەشی (49.68%)ە. هەروەها ڕێژەی لە (22.87)ی بەشداربووان کە لە پلەی دووەمدایە زۆربەی کاتەکان تەرخاندەکەن و لە (5.22%)ی بەشداربوانیش هەموو کاتەکان کە لەپلەی چوارەمدان و لە (18.30%)ی بەشداربووانیش نیوەی کاتەکانیان تەرخان دەکەن و لەپلەی سێیەمدان لەریزبەندییەکەدا. هەروەها کەمترین ڕێژەش کە تۆمارکراوە لە (3.93%)یەو دەڵێن هیچ کات تەرخان ناکەن بۆ سەیرکردنی پۆستی کەسانی تر.

لێرەوە ڕووندەبێتەوە کە بەشێوەیەکی گشتی ئەوانەی کات تەرخان دەکەن بۆ سەیرکردنی پۆستی کەسانی دیکە لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت ڕێژەیان زۆرترە لەوانەی کات تەرخان ناکەن، بەڵام شێوازو ڕێژەی کاتەکان جیاوازی تێدایەو بەپێی کەسەکان دەگۆڕدرێت.

**14. ئاستی متمانەپێکردن لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت:**

ئەنجامەکان دەریدەخەن کە ئاستی متمانە پێکردن لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت و بەتایبەتیش ئەو پەیوەندییە تازانەی دروستدەکرێن لەگەڵ کەسانی تازە کارێکی ئاسان نییە بۆ هەندێ کەس و بۆ هەندێکی تریش بەپێچەوانەوەیە، لەراپرسیەکەدا بەم شێوەیە بەشداربووان وەڵامیانداوەتەوە، لە(39.23%) دەڵێن تا ڕادەیەك متمانەیان پێدەکەم و لەپلەی یەکەمدایە، هەروەها کەمترین ڕێژەش لە(5.22)ە و دەڵێن زۆر متمانەیان پێدەکەم کە پلەی پێنجەمەو کەمترین ڕێژەیە، هەروەها لە (26.79%)ی بەشداربووان دەڵێن کەمێك متمانەیان پێدەکەم کە لە پلەی دووەمدایەو ئەوانەی هەرگیز متمانە ناکەن لەپلەی سێیەمدان بەڕێژەی (15.69%) و ئەوانەشی تەنیان متمانە دەکەن لەپلەی چوارەمدان. لەو سۆنگەیەوە ڕووندەبێتەوە کە ئاستی متمانە پێکردن لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت بوونی هەیەو ڕێژەی باوەڕپێکردن زۆرترە لەباوەڕنەکردن هەرچەند بەڕێژەی جیاواز، هەروەك ئەوانەشی کە هەرگیز باوەڕناکەن ڕێژەیان زۆرە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ترسی پەیوەندییە تازە کۆمەڵایەتییەکان کە لەڕێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە دروست دەبن و بەهۆی کێشەی هاککردن و زۆرجار نا سەلامەتی ئینتەرنێت و بوونی مەترسی ئاستی متمانەکردنەکە دەگۆڕدرێت. بڕوانە نەخشتەی.(14)

| خشتەی (14) ئاستی متمانەپێکردن لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | ئاستی متمانەپێکردن لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
| 1 | زۆر متمانەیان پێدەکەم | 8 | 5.22 | پێنجەم |
| 2 | متمانەیان پێدەکەم | 20 | 13.07 | چوارەم |
| 3 | تاڕادەیەك متمانەیان پێدەکەم | 60 | 39.23 | یەکەم |
| 4 | کەمێك متمانەیان پێدەکەم | 41 | 26.79 | دووەم |
| 5 | هەرگیز متمانەیان پێناکەم | 24 | 15.69 | سێیەم |
| | کۆی گشتی | 153 | 100 | |

**15. ئاستی خێرایی گۆڕینەوەی زانیاری کەسیی لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت:**

ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن لەرووی ئاستی خێرایی گۆڕینەوەی زانیاری کەسیی لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا جیاوازی هەیە لەناو بەکاربەراندا، زۆرترین ڕێژە کە لە (30.06%)ە کەمێك خێرا زانیارییە کەسییەکان دەگۆڕنەوەو لە پلەی یەکەمدان، هەروەها ئەوانەی هەرگیز زانیاری کەسی لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا ناگۆڕنەوە پلەی سێیەمی وەرگرتووەو ڕێژەیان لە(25.49%)یە، هەروەك ئەوانەی تا ڕادەیەك خێرا زانیاری کەسی دەگۆڕنەوە پلەی دووەمی وەرگرتووەو ڕێژەیان لە (28.12%) یەو ئەوانەشی خێرا زانیارییە کەسییەکان دەگۆڕنەوە پلەی چوارەمی وەرگرتووەو ڕێژەیان لە (11.76%)ە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی زۆر بەخێرایی زانیارییە کەسیەکانیان دەگۆڕنەوە لەگەڵ کەسانی تر لەناو ئینتەرنێتدا پلەی پێنجەمی وەرگرتووەو کەمترین ڕێژە پێکدەهێنن کە تەنیا لە (4.57%)ە. لەو ڕوانگەیەوە ڕووندەبێتەوە کە ڕێژەو پلەبەندی لەخێرایی گۆڕینەوەی زانیارییە کەسییەکان لەگەڵ کەسانی تازە کە لە ناو ئینتەرنێتدا دەبن بەهاوڕێ و پەیوەندی کۆمەڵایەتیان لەگەڵ دروستدەکرێت بەڕێژەی خێرایی جیاوازەو بەڵام زۆربەی بەکاربەرانی ئینتەرنێت تاڕادەیەك بەخێرایی بڕیارەکە دەدەن و زانیارییەکانیان دەگوازنەوە. بڕوانە خشتەی (15).

| خشتەی (15) ئاستی خێرایی گۆڕینەوەی زانیاری کەسی لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | ئاستی خێرایی گۆڕینەوەی زانیارییە کەسییەکان | دووبارەبوونەوە | % | |
| | زۆر خێرا | 7 | 4.57 | پێنجەم |
| 2 | خێرا | 18 | 11.76 | چوارەم |
| 3 | تاڕادەیەك خێرا | 43 | 28.12 | دووەم |
| 4 | کەمێك خێرا | 46 | 30.06 | یەکەم |
| 5 | هەرگیز | 39 | 25.49 | سێیەم |
| | کۆی گشتی | 153 | 100 | |

10.24086/cuejhss.v3n2y2019.pp.8-19

### 16. ڕێژەی باسکردنی بابەتە کەسییەکان لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا:

ئەنجامەکان دەریدەخەن کە باسکردنی بابەتە کەسیەکانی وەك ڕووداوەکانی ژیانی تایبەتی و پیشە..هتد لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا ڕێژەی جیاوازی هەیە لای بەکاربەران، بۆیە ئەوەخراوەتەڕوو کە زۆربەی بەشداربووان بەڕێژەی کەمێك بابەتە کەسییەکان باس دەکەن و پلەی یەکەمی گرتووە، بۆ ئەو کەسانەی دەبنە هاوڕێیان لەناو ئینتەرنێتدا کە ڕێژەیان (41.18%)یەو کەمترین ڕێژەش ئەوانەن کە بەڕێژەی ئەوپەڕی بابەتە کەسییەکان باس دەکەن و کەمترین ڕێژەی بەشداربووانن کە تەنیا لە(5.22) پێکدێنن و لەپلەی پێنجەمدان. هەروەها ئەوانەی بەڕێژەی زۆر بابەتە کەسیەکان باس دەکەن پلەی چوارەمی گرتووەو ئەوانەشی بەڕێژەی تارادەیەك بابەتە کەسییەکان باس دەکەن پلەی سێیەمی گرتووە. لەبەرامبەریشدا ئەوانەی کە هەرگیز باسی بابەتە کەسییەکان ناکەن لەگەڵ هاوڕێکانیان لەئینتەرنێتدا پلەی دووەمی گرتووەو ڕێژەیان لە (28.75%)ی بەشداربووان پێکدەهێنن. ئەوەش ئاماژەیە بۆ نا هاوسەنگی متمانەبوون جارێکی تر کە وادەکات لەبەکارهێنەرانی ئینتەرنێت بەڕێژەی جیاواز باوەڕ بەو کەسانە بکەن کە دەیانناسن و بتوانن بابەتە کەسییەکانیان بۆ باس بکەن، چونکە ئەوانەشی کە هەرگیز باسی بابەتەکانیان ناکەن و باوەڕیان پێی نیە لەریزبەندی دووەمدان. بڕوانە نەخشتەی (16).

| خشتەی (16) ڕێژەی باسکردنی بابەتە کەسییەکان لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | باسکردنی بابەتە کەسیەکان لەناو ئینتەرنێتدا | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
| 1 | بەڕێژەی ئەوپەڕی | 8 | 5.22 | پێنجەم |
| 2 | بەڕێژەی زۆر | 10 | 6.53 | چوارەم |
| 3 | بەڕێژەی تارادەیەك | 28 | 18.32 | سێیەم |
| 4 | بەڕێژەی کەمێك | 63 | 41.18 | یەکەم |
| 5 | بەڕێژەی هەرگیز | 44 | 28.75 | دووەم |
| | کۆی گشتی | 153 | 100 | |

### 17. دەستپێکردنی پەیوەندی هاوڕێیەتی لەڕێی ئینتەرنێتەوە:

ئەنجامەکان ڕوونیدەکەنەوە کە دەسپێکردنی پەیوەندی نوێی کۆمەڵایەتی لەڕێی ئینتەرنێتەوە لەرۆژگاری ئێستادا بووە بە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر بەڵام بۆ ئەوەش ڕێژەی جیاواز هەیە، هەروەك ئەوانەی هەندێ کات پشت دەبەستن بەئینتەرنێت بۆ دروستکردنی پەیوەندی نوێ پلەی یەکەمیان گرتووەو ئەوانەشی کە زۆربەی کات پشت بەئینتەرنێت دەبەستن پلەی دووەمیان گرتووە، ئەوانەشی کە هەمیشە پشت بەئینتەرنێت دەبەستن بۆ پەیوەندییەکانیان پلەی چوارەمیان گرتووە، لەبەرامبەریشدا ئەوانەی هەرگیز پشت بەئینتەرنێت نابەستن بۆ دروستکردنی پەیوەندی هاوڕێیەتی و کۆمەڵایەتی پلەی سێیەمیان وەرگرتووە. بڕوانە خشتەی (17).

| خشتەی (17) دەستپێکردنی پەیوەندی هاوڕێیەتی لەڕێی ئینتەرنێتەوە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | دەستپێکردنی پەیوەندی هاوڕێیەتی لەئینتەرنێتدا | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
| 1 | هەمیشە | 9 | 5.88 | چوارەم |
| 2 | زۆربەی کات | 25 | 16.35 | دووەم |
| 3 | هەندێ کات | 95 | 62.09 | یەکەم |
| 4 | هەرگیز | 24 | 15.68 | سێیەم |
| | **کۆی گشتی** | 153 | 100 | |

### 18. ڕادەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ دروساکردنی پەیوەندی هاوڕێیەتی:

ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن کە ڕادەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ مەبەستی دروستکردنی پەیوەندی هاوڕێیەتی لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە، هەربۆیە ئەوەخراوەتەڕوو کە ئەوانەی ئەوانەی بەرادەی جاروبار (ناوبەناو) ئینتەرنێت بەکاردەهێنن پلەی یەکەمی وەرگرتووە، ئەولنەشی کە بەرادەی هەندێ کات ئینتەرنێت بەکاردەهێنن پلەی دووەمی وەرگرتووە، هەروەها ئەوانەی بەهەرگیز بەکاری ناهێنن پلەی سێیەمی وەرگرتووەو ئەوانەشی کە بەڕادەی زۆربەی کات ئینتەرنێت بەکاردەهێنن پلەی چوارەمی وەرگرووەو ئەوانەشی بەڕادەی هەمیشە ئینتەرنێت بەکاردەهێنن ئەوا پلەی پێنجەمی وەرگرتووە. لێرەوە ئاشکرایە کە ڕادەی بەکارهێنان و پشت بەستن بە ئینتەرنێت بۆ دروستکردنی هاوڕێیەتی لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا بەرزونزمی زۆر لەرێژەکاندا هەیە بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەکارهێنەران بەرادەی جیاواز بەکاریدەهێنن، هەرچەندە ڕادەی بەکارنەهێنانیش هەیە بەڵام ئەوە لەو ڕاستیە ناگۆڕێت کە بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ دروستکردنی پەیوەندی هاوڕێیەتی بوونی هەیە لەناو بەکاربەراندا. بڕوانە خشتەی (18).

| خشتەی (18) ڕادەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ دروساکردنی پەیوەندی هاوڕێیەتی | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ دروستکردنی پەیوەندی هاوڕێیەتی | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
| 1 | هەمیشە | 10 | 6.53 | پێنجەم |
| 2 | زۆربەی کات | 18 | 11.76 | چوارەم |
| 3 | هەندێ کات | 30 | 19.60 | دووەم |
| 4 | جاروبار (ناوبەناو) | 66 | 43.16 | یەکەم |
| 5 | هەرگیز | 29 | 18.95 | سێیەم |
| | **کۆی گشتی** | 153 | 100 | |

### 19. تا چەند ئینتەرنێت هاوکاربووە بۆ دروستکردنی پەیوەندی نوێی هاوڕێیەتی:

ئەنجامەکان ئەوە ئاشکرا دەکەن کە ئینتەرنێت هاوکاربووە بۆ دروستکردنی پەیوەندی هاوڕێیەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی گشتی، ئەوەش بەڕێژەی جیاواز، هەربۆیە ئەوانەی پێیانوایە تاڕادەیەك ئینتەرنێت هاوکاربووە ڕێژەیان لە(56.86%)ەو پلەی یەکەمی وەرگرتووە، لەبەرامبەریشدا ئەوانەی پێیانوایە هەرگیز ئینتەرنێت هاوکارنەبووە ڕێژەیان لە(19.60%)ە, هەروەها ئەوانەی پێیانوایە زۆر هاوکاربووە ڕێژەیان لە (17.66%)ەو پلەی سێیەمی گرتووەو ئەوانەشی کە پێیانوایە تا ئەوپەڕی هاوکار بووە ڕێژەیان کەمترینەو لە(5.88%) پێکدەهێنن و پلەی چوارەمی گرتووە. ئەوەش ڕوونیدەکاتەوە کە ئینتەرنێت بەشێوەیەکی گشتی هاوکار بووەو ئامڕازێکی خێراو ناوەندێکی مۆدێرن و پێشکەوتووە بۆ دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بۆیە زۆربەی بەشداربووان پێیانوایە کە هاوکاربووە بەڕێژەی جیاواز. بڕوانە خشتەی (19).

**خشتەی (19) تا چەند ئینتەرنێت هاوکاربووە بۆ دروستکردنی پەیوەندی نوێی هاوڕێیەتی**

| ژ | تاچەند ئینتەرنێت هاوکار بووە | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | تا ئەوپەڕی هاوکار بووە | 9 | 5.88 | چوارەم |
| 2 | زۆر هاوکار بووە | 27 | 17.66 | سێیەم |
| 3 | تاڕادەیەك هاوکار بووە | 87 | 56.86 | یەکەم |
| 4 | هەرگیز هاوکار نەبووە | 30 | 19.60 | دووەم |
| | **کۆی گشتی** | 153 | 100 | |

**20. ئایا هاوڕێکانت لە ناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت هەمان کەسانی ژیانی ئاساین:**

ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە بەشێکی زۆری پەیوەندییەکان لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا هەمان ئەو پەیوەندی و کەسانە نین کە لەژیانی ئاساییدا بوونیان هەیە، بەپێی ڕای بەشداربووان ئەوانەی کە پێیانوایە زۆربەی پەیوەندییە ئۆنلاینەکان هەمان پەیوەندی ژیانی ئاساین ئەوا پلەی چوارەمی گرتووەو ئەوانەشی پێیانوایە بەشێکیان هەمان پەیوەندین پلەی پێنجەم و ئەوانەشی دەڵێن هەندێکیان هەمان پەیوەندین زۆرترین ڕێژەیان هەیەو پلەی یەکەمی گرتووە، هەروەها ئەوانەشی دەڵێن بەشێکی کەمیان پلەی سێیەمی گرتووە، لەبەرامبەریشدا ئەوانەی دەڵێن پەیوەندییەکانی ئینتەرنێت هیچیان پەیوەندی کەسانی ناو ژیانی ئاسایی نین پلەی دووەمی بەشداربووانی گرتووە.بڕوانە خشتەی (20).

**خشتەی (20) ئایا هاوڕێکانت لە ناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت هەمان کەسانی ژیانی ئاساین**

| ژ | پەیوەندییەکان لەناوەوەو دەرەوەی ئینتەرنێت | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | زۆربەیان | 17 | 11.11 | چوارەم |
| 2 | بەشێکیان | 13 | 8.51 | پێنجەم |
| 3 | هەندێکیان | 62 | 40.53 | یەکەم |
| 4 | بەشێکی کەمیان | 24 | 15.67 | سێیەم |
| 5 | هیچیان | 37 | 24.18 | دووەم |
| | **کۆی گشتی** | 153 | 100 | |

**21. تا چەند حەز بەناسینی کەسانی نوێ دەکەیت لە ئینتەرنێتدا بەبەراورد بەژیانی ئاسایی:**

ئەنجامەکان ئەوە ڕووندەکەنەوە کە ڕێژەی حەز بۆ ناسینی هاوڕێی نوێ و دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەناو ئینتەرنێتدا بەبەراورد بەژیانی ئاسایی جیاوازن، هەربۆیە زۆرترین ڕێژەی بەشداربووان کە پلەی یەکەمی وەرگرتووە کەم حەز دەکەن بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەڕێی ئینتەرنێتەوە، ئەوانەشی تاڕادەیەك حەزدەکەن پلەی دووەمی وەرگرتووەو ئەوانەشی حەزناکەن پلەی سێیەم و ئەوانەشی زۆر حەزدەکەن پلەی چوارەم و ئەوانەشی زۆرتر حەز دەکەن پلەی پێنجەمی وەرگرتووە، واتە بەشێوەیەکی گشتی ئینتەرنێت بەژینگەیەکی باشتر دەزانرێت وەك لەژیانی ئاسایی بۆ دروستکردنی پەیوەندی تازەی کۆمەڵایەتی. بڕوانە خشتەی (21).

**خشتەی (21) تا چەند حەز بەناسینی کەسانی نوێ دەکەیت لە ئینتەرنێتدا بەبەراورد بەژیانی ئاسایی**

| ژ | حەز بۆ پەیوەندی لە ئینتەرنێت و ژیانی ئاسایی | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | زۆرتر | 11 | 7.19 | پێنجەم |
| 2 | زۆر | 23 | 15.03 | چوارەم |
| 3 | تاڕادەیەك | 42 | 27.46 | دووەم |
| 4 | کەم حەزدەکەم | 51 | 33.33 | یەکەم |
| 5 | حەز ناکەم | 26 | 16.99 | سێیەم |
| | **کۆی گشتی** | 153 | 100 | |

**22. کام جۆری هاوڕێیەتی باشترە ئۆنلاین یان ئاسایی:**

ئەنجامەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ڕای جیاواز هەیە لەسەر باشتربوونی جۆری پەیوەندییەکان لە ناو ئینتەرنێت و لەژیانی ئاساییدا، هەروەك زۆربەی بەشداربووان کە پلەی یەکەم وەردەگرن و ڕێژەیان لە(27.45%)ە پێیانوایە تا ڕادەیەك خراپە بەبەراورد بە پەیوەندی ئاسایی، هەروەها لە (22.88%) کە پلەی دووەمی بەشداربووانی وەرگرتووە پێیانوایە کە پەیوەندی ئۆنلاین و ژیانی ئاسایی وەك یەك وایە، هەروەك لە (20.29%)ی بەشداربووان کە پلەی سێیەمی گرتووە پێیانوایە کە پەیوەندی لە ئۆنلایندا خراپترە بەبەراورد بە ژیانی ئاسایی، هەروەها لە(13.07%) کە پلەی چوارەمی وەرگرتووە پێیانوایە پەیوەندی ئینتەرنێت زۆر خراپترەو لە (9.15%)ی بەشداربووانیش کە پلەی پێنجەمی گرتووە پێیانوایە پەیوەندی ئۆنلاین تا ڕادەیەك لەپەیوەندی ژیانی ئاسایی باشترە، هەروەها ئەوانەی کە پەیوەندی ئۆنلاین زۆر بەباشتر دەزانن ڕێژەیان کەمەو تەنیا (3.92%)ی بەشداربووان پێکدەهێنن و پلەی شەشەمی وەرگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی پێیانوایە کە پەیوەندییەکان لەناو ئینتەرنێتدا باشترە بەبەراورد بەژیانی ئاستیی ئەوا کەمترین ڕێژەیان تۆمارکردووە کە تەنیا لە (2.61%)ەو پلەی حەوتەمی گرتووە. ئەوەش ئاماژەیەکە بۆئەوەی لەگەڵ بەکارهێنان و پشت بەستن بە ئۆنلاین بەڵام زۆرینەی بەشداربووان پەیوەندییەکان لەژیانی ئاساییدا بەباشتردەزانن و پێیانوایە کە پەیوەندییەکان لە ئۆنلایندا خراپترە. بڕوانە خشتەی (22).

10.24086/cuejhss.v3n2y2019.pp.8-19

| ژ | پەیوەندی هاوڕێیەتی لەنێوان ئۆنلاین و ئاسایی | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| | **خشتەی (22) کام جۆری هاوڕێیەتی باشترە ئۆنلاین یان ئاسایی** | | | |
| 1 | زۆر باشترە | 6 | 3.92 | شەشەم |
| 2 | باشترە | 4 | 2.61 | حەوتەم |
| 3 | تارادەیەك باشترە | 14 | 9.15 | پێنجەم |
| 4 | وەکو یەك وایە | 35 | 22.88 | دووەم |
| 5 | تارادەیەك خراپە | 42 | 27.45 | یەکەم |
| 6 | زۆر خراپترە | 20 | 13.07 | چوارەم |
| 7 | خراپترە | 32 | 20.92 | سێیەم |
| | **کۆی گشتی** | 153 | 100 | |

## دەرەنجامەکان

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، و دوای ئەنجامدانی روپێوکاریی گشتیو ناخشیکاریی بۆ بابەتی سەرەکیی توێژینەوەکە لە سامپڵی توێژینەوەکە، پاشان شرۆڤەکردنیان، توێژەر بەم دەرەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

1. ئینتەرنێت وەك ئامرازێکی نوێی پەیوەندیکردن بەرێژەیەکی زۆر لەلایەن خوێندکارانی زانکۆ لەهەرێمی کوردستان بەکاردەهێنرێت بۆ مەبەستی دروستکردن و بەردەوامیدان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.
2. مۆبایلی زیرەك، بەربڵاوترین ئامرازە بۆ چوونە ناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت لەناو خوێندکارانی زانکۆ لەهەرێمی کوردستان، ئەوەش بۆ ئاسانی بەکارهێنان و ئاست و توانستی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێ لەلایەن خوێندکارانی زانکۆو ئاسانی هەڵگرتنی مۆبایل بەهۆی بچووکی قەبارەکەیەوە دەگەڕێتەوە.
3. میدیای کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) بەربڵاوترین ناوەندی بەکارهێنانە لەناو خوێدکارانی زانکۆ لەهەرێمی کوردستان لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا بەتایبەتیش جۆرەکانی وەك (فەیسبووك و ڤایبەر) لە بەربڵاوترینن.
4. زۆربەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لەهەرێمی کوردستان لانیکەم لەماوەی رۆژێکدا بۆ ماوەی (3) کاتژمێر ئینتەرنێت بەکاردەهێنن.
5. رێژەیەکی زۆری بەکارهێنەرانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت لەهەرێمی کوردستان پێیانوایە کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەناو ئینتەرنێتدا باشترو جێگیرترن بەبەراورد بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی ئاسایی.
6. زۆربەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لەهەرێمی کوردستان لەگەڵ قەدەغەکردنی ئینتەرنێت و تۆڕەکانی سۆشیال میدیا نین، ئەوەش ئەو کاریگەرییە زۆرەی ئینتەرنێت دەردەخات کە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکان دروستیکردووەو وابەستەی ژینگەیەکی ئەلیکترۆنی کردون کە قەدەغەکردن و داخستنی تۆڕەکانی ئینتەرنێتیان بەلاوە ئەستەمە.
7. بەکارهێنانی ئینتەرنێت بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری پۆزەتیف و نێگەتیڤی هەیە لەسەر بەکارهێنەران، هەروەها کاریگەرییە پۆزەتیڤەکان زیاتر لەبەرچاو گیراون لەلایەن بەکارهێنەرانەوە.

## ڕاسپاردەکان

لەژێر رۆشنایی دەرئەنجامەکانیش، توێژەر چەند راسپاردەیەك لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی رۆژنامەوانی لەهەرێمی کوردستاندا بە گشتی، و رۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی دەخاتەڕوو:

1. گرنگیدانی پتر بەلایەنی رۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی و کاریگەرییەکانی لەسەر توێژی گەنجان بەگشتی لەهەرێمی کوردستان و کاریگەریی و لێکەوتە کۆمەڵایەتیی و دەروونییەکانی لەسەر بەکارهێنەران.
2. هەوڵدان بۆ رێکخستنی زیاتری میدیای کۆمەڵایەتی لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت کە لەئێستادا لەهەرێمی کوردستان زۆر بەربڵاوەو بەپێی سەرچاوەو داتاکان زۆرترین بەکارهێنەریان هەیە.
3. هەوڵدان بۆ دروستکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی کوردی هاوشێوەی وڵاتانی دنیا، بۆ بەکارهێنەرانی کورد.
4. بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی شێوازی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەناو ئینتەرنێتدا بۆ بەکارهێنەران و بەتایبەتیش توێژی گەنجان و خوێندکاران.

## پێشنیارەکان

دوای پێشکەشکردنی دەرئەنجام و راسپاردەکانیش، توێژەر پێشنیار دەکات:

1. توێژەرانی دیکە توێژینەوەی تایبەتی زانستی سەبارەت بە جۆرێکی دیاریکراوی سۆشیال میدیا بکەن وەك (فەیسبووك یان ڤایبەر ....هتد)، و کاریگەرییەکانیان لەسەر کۆمەڵگەو شێوەو ئاڕاستەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەڕێی ئەم کەناڵە ئەلیکترۆنیانەوە.
2. توێژەرانی دیکە توێژینەوەی تایبەتی زانستی سەبارەت بەلایەنێکی دیاریکراوی ئینتەرنێت لەسەر کۆمەڵگە ئەنجام بدەن وەك لایەنە پۆزەتیڤ یاخود لایەنە نێگەتیەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەسەر کۆمەڵگە بەگشتی یان توێژێکی دیاریکراو یان رەگەزێکی دیاریکراو.
3. پسپۆڕانی بواری راگەیاندن پێویستە کتێب و گوتاری زانستی دەربارەی بابەتی لێتوێژراو لەزمانە بیانییەکانەوەو بەتایبەتیش زمانە ئەوروپییەکان وەربگێڕن بۆ سەر زمانی کوردی.

**References**

Bargh, J. A., & McKenna, K. Y. (2004). The Internet and social life. Annual Review of Psychology. *55*, 573-590. Doi: 10.1146/annurev.psych.55.090902.141922

BBC (2012) What is the internet?, Retrieved from http://www.bbc.co.uk/webwise/guides/what-is-the-internet

Cummings, J.N., Butler, B. and Kraut, R (2002) The quality of online social relationships. *Communications of the ACM*, *45* (7),103-108. Doi: 0.1145/514236.514242

Galasso Bonanno, S (2015) Social Media’s Impact on Relationships. Psych Central. Retrieved from http://psychcentral.com/lib/social-medias-impact-on-relationships/

Jeffrey Boase and Barry Wellman (2004) Personal Relationships: On and Off the Internet. Retrieved from https://www.researchgate.net/profile/Jeffrey_Boase/publication/2932622_Personal_Relationships_On_and_Off_the_Internet/links/0c960537a6967723a7000000.pdf

from
https://www.journals.uchicago.edu/doi/10.1086/212692?mobileUi=0

Shklovski, I., Kiesler, S. and Kraut, R (2006) The Internet and social interaction. Computers, phones, and the Internet, pp.251-264. Retrieved from \
https://psycnet.apa.org/record/2007-08867-017

Tyler, T.R (2002) is the Internet changing social life? It seems the more things change, the more they stay the same. *Journal of Social Issues*, *58* (1), 195-205. doi: 10.1111/1540-4560.00256

McLuhan, M., & Powers, B. (1989). The Global Village: Transformations in World Life and Media in the 21st Century. Oxford: Oxford University Press.

Mesch, Gustavo S. (2006). “Family Relations and the Internet: Exploring a Family Boundaries Approach.” The Journal of Family communication. 6 (2), 119-138. Doi: 10.1207/s15327698jfc0602_2

Oxford Dictionaries (2018) Definition of impact in English. Retrieved from
https://en.oxforddictionaries.com/definition/impact

Reeves, B. and Nass, C.I (1996) the media equation: How people treat computers, television, and new media like real people and places. Cambridge, Cambridge university press.

Robert H. Gault (2016). Psychology in Social Relations, American Journal of Sociology. 22 (6), 734-748. Retrieved